کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
11-6-2007 17:35بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## پێدانەوەی دۆسیەی ئاسایشی هەرێم، ووشیاری زیاتری کورد ... هەرمان هەولێری

ئەگەر بەکردارەکی هێزە فرە ڕەگەزەکان، لە هەرێمی کوردستان ڕۆلیان نەبووە، بەلام بە پێی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایش وەك ئەوەی دەوڵەت عێراق داگیرکراوە، هەرێمی کوردستانیش وەك بەشێك لەو دەوڵەتە لە ژێر سایەی داگیر کردندا هەنگاوی ناوە، هەر چەندە ئێمە وەکو کورد تا ئێستاش لەگەڵدا بێت ئەمەریکا بە هێزی ڕزگاریکەر سەیر دەکەین، بە گوێرەی بەرژەوەندیەکانی ئێمە لەوەدا بە هەڵەدا نەچووین، ئێمەی کورد زۆر هەوڵ دەدەین کە ببینە دۆستێکی ستراتیجی ئەمەریکا، ئەوەش لەبەر خاتری دووچاوی کاڵی ئەمەریکا دا نیە، بەڵکو لە ئەنجامی چەوساندنەوە و داگیرکاری مێژووی خاك و گەلی کوردستانە، لە ژێر دەستی نەتەوەکانی سەر دەستی ناوچەکە، بێجگە لەوەی داگیرکەری نیشتمانەکەمانن تاکە ساتێکیش لە قڕ کردن و سووتماکردنی وولاتەکەمان کەمتەرخەمییان نەکردووە، هەر کاتێکیش وەستابن یاخود بەکردەوە کردارەکانیان پیادە نەکردبێ، ئەوا لە هەوڵی دیبلۆماسی و دانانی پلان و بەرنامەی ژەهراوی بۆ دروستکردنی کێشەوە گرفت خوا هەڵناگرێت کەمتەرخەم نەبووە، لە بەرامبەردا کورد و سەرکردایەتی تاکو ئێستای لەگەڵدا بێت نەیانتوانیوە یەك ڕیزی نێوان جەماوەری میللەتەکەمان پتەو بکەن و سوپایەکی یەکگرتووی پاراستنی هەرێم بنیات بنێن کە ببێتە مایەی پارێزگاری و پاسەوانی سنوورەکانی هەرێم لەهەر هەرەشەو پەلامارێکی دەرەکیدا، کە ئەمرۆ ئەو پێویستە لە هەموو کاتێکدا زیاتر پێویستە و دێتە پێشەوە، بۆیە پێویست دەکات لەسەر سەرکردایەتی سیاسی کورد کە چیتر نەمای حزبایەتی نەبێتە قبلەنمای دەزگاکانی پێشمەرگە بەڵکو بنکەی وەرگرتنی ئازاد بۆ ڕیزەکانی پێشمەرگایەتی لە هەموو شارو شارۆچکەکاندا بکرێتەوە چونکە حزبایەتی بە تەنیا لایەنی انتمای نیشتمانی و نەتەوەیی نیە ئەگەر ڕاستگۆیی لەو بوارەدا پێشان بدرێت دەکرێت بلێین سەرەتای دەستپێکردنی سوپای کوردستان بە دەرکەوتوون و لە ئاییندەدا سوپایەك پێکدێت کە ئینتمای بە تەنها بۆ گەل و نیشتمان دەبێت و دەبێتە بنەمایەکی دروست بۆ ئاییندەی دەسەلاتی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان.

کورد لە پێش هەر میللەتێکی تر دەبێت ئەزموون لە مێژووی ڕابردووی خۆی وەربگرێت و هەڵەکان دووبارە نەکاتەوە چونکە ئەو واقعەی کە ئێستا لەبارە لە جیهانی سیاسەت و جیۆسیاسیدا وەك خۆی نامێنێتەوە، ئێمەش هیچ گرەنتیەکمان نیە بۆ ئەوەی تێبینی بکەین کەوا ئاییندەش لە بەرژەوەندی ئێمەدایە چونکە ئەوەی شاراوەنیە دوژمنانمان هەمیشە لە هەل دەگەڕێن بۆ لەباربردنی ئەو بارودۆخە و تێکدانی و وەرسکردنی گەلەکەمان لە خود بەڕێوەبەریمان و قۆرخ کردنی کەم ئەزموونی کورد لە کایە ئیداری و دیبلۆماسییەکاندا سەبارەت بە گەیاندنی ڕاستییەکان و هێنانە پێشی ئەلتەرناتیفی گونجاو لە پێناو سەلماندنی مافەکانی و بە نێو دەوڵەتیکردنیان و پێگەیاندنی زیاتری پیاوانی دەوڵەت لە جیاتی ململانێی سیاسی ناوخۆ لە کەش و بارێکی ناجێگیر و وونبودا، ئەرکی لە پێشینەی هەر دەسەلاتێکی سیاسی بنیاتنانی کۆلەگە سەرەکییەکانی دەسەلاتە بە شێوەیەکی تەندروست بۆ ئەوەی بتوانیت لە ئاییندەدا شەمەندەفەری سیستمی حوکمرانی بە ڕێگای ڕاستدا گوزەر بکات، کەچی لە کوردستاندا بە پێچەوانەوە دەبینین هەریەك لە دەزگاکانی هێزەکانی پێشمەرگە، ئاسایش و دارایی لێك جیان و هەر لایەنە بە پێی بەرژەوەندیە حزبیەکانی خۆی هەڵیدەسورێنێ بۆیە تاکو ئێستا لە کوردستان دەسەلات لەرزۆکە و بەرگەی هیچ هەرەشەیەکی کردارەکی نەیارانی کورد ناگرێت لەگەڵ کەڵەکەبوونی زۆرتری قەیرانە ناوخۆیەکان ڕۆژ بە ڕۆژ و زیاتر تۆرانی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان کە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

خەریکە ڕەحمەت بۆ کفن دز دەنێرن، بۆە لەسەر سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لە هەموو ڕۆژێك پێویسترە کە هەرچی زووە بە شێوەیەکی لیبرانە بە هەموو سیاسەتەکانیاندا بچنەوە و بەرنامەیەکی ڕۆشنتر و ڕاستگۆیەکی زیاتر لە بەرامبەر یەکتردا لە لایەك و لەگەڵ جەماوەری میللەتەکەشماندا لەلایەکی تر، ئەگەر نا ئەوا ستایلی ئێستای بەڕێوەبردنی دەسەڵاتە تووشی قەیران بووە و لە هەر کارەساتێکدا کۆمەڵانی خەڵك پشتیوان نین لە دەسەڵات و سەرکردایەتی سیاسی کورد.

Herman_hewleri@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.